# دکتۆر فایەق دەگیرێ، ماندەگرێو ئازاد دەکرێ

کامەران رەشید



بەڕێز دکتۆر فایەق گوڵپی سەرۆکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

رۆژی 7-9-2006 هەواڵی رفاندن یان گیرانی بەڕێز دکتۆر فایەق گوڵپی سەرۆکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان وەك گڕکان تەقیەوەو تەواوی میدیاکانی کوردستانو بەشێك لە میدیاکانی هەرێمەکەشی بە خۆیەوە گرێدا. دواتر ئاسایشی سلێمانی رایگەیاند کە ئەوان بە بڕیاری دادوەر دکتۆر فایەقیان گرتووەو بە تیرۆرکردنی کەمال شاهین تۆمەتبارکراوە. پارتی چارەسەریش هەرزوو تۆمەتەکانی رەتکردەوەو شێوەی گرتنەکەشی پرۆتستۆ کرد. سەرەنجام رۆژی 13-9-2006 دکتۆر فایەق ئازاد کرا. کێشەی گرتنی دکتۆر فایەق کێشەیەکی ئاسایی نەبوو، بۆیە چەند لێکدانەوەی بۆ کرا. هەندێك ئەو گرتنەیان بۆ مەرامی سیاسی گێڕایەوە، هەندێك پێیانوابوو بۆ رازیکردنی دڵی تورکیا ئەنجامدراوە. هەندێکی دیکە پێیانوابوو چونکە پارتی چارەسەر لەگەڵ چەند لایەنێکی دیکە لە هەوڵی دروستکردنی بەرەی گۆڕان دان ئەم کارە کراوەو مەبەستیش لەباربردنی پێکهێنانی بەرەکەیە. هەرچۆنێ بێ، گیرانی بەڕێز دکتۆر فایەق زۆر بە خراپ بەسەر دەستەڵاتو دادگەی کوردستان شکایەوە. جێگەی خۆیەتی کورتە شرۆڤەیەکی بۆ بکرێ.

کەمال شاهین سەرۆکی پارتی ویفاقی کوردستانی سوریا لە مانگی شوباتی 2006 لە ئۆردوگای باینجان تیرۆرکرا. ئەو ئەندامێکی پێشووی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، وازی لەوان هێنابوو، بەو هۆیەشەوە 7 کەس لە ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان گیرانو دادگەییکرانو سزای زیندانی هەمیشەییان بۆ بڕایەوە. ئیدی لە دوورو نزیك ناوی دکتۆر فایەق نەهاتبوو، کەچیدوای ساڵێكو حەوت مانگ لە کردەوەیەکی چاوەڕواننەکراودا دکتۆر فایەق گیراو خرایە زیندانەوە.

دادگە مافی ئەوەی هەیە کەسێك بانگهێشت بکاتو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکات، ئەگەر هاتوو ئەو کەسە تۆمەتبارکرابوو یان داوای لەسەر تۆمار کرابوو. دادگە بۆی هەیە بڕیاری بانگهێشتنی بۆ دەربکات، ئەگەر شوێنی دانیشتنی زانرابوو، یان کەسێکی ناسراو بوو دەتوانێ لە رێگەی پۆلیسەوە داوای لێبکات کە رۆژی دیاریکراو ئامادە بێ، هەرکاتێ کەسەکە بڕیاری دادگەی پشت گوێ خستو ئامادە نەبوو، ئەوکاتە دادوەر بۆی هەیە فەرمان بە هێزەکانی ناوەخۆ بدات تا لەهەر شوێنێ بەرچاویان کەوت، دەستگیری بکەن. دیارە لەکاتی گرتنی دکتۆر فایەق ئەو رۆتینو رێسایە پەیڕەو نەکرابوو، دواتریش ئاسایش بە جلی مەدەنیو بەشێوەیەکی سەیر گەماڕۆیان دابوو، بردبوویان. ئەمەش یاسا دەخاتە ژێر پرسیارەوە. تەنانەت لەکاتێکدا دکتۆر فایەق دەستگیر کراو کە هیچ زانیاری تازە سەبارەت بە شێوەی تیرۆرکردنی کەمال شاهین لە گۆڕێ دانەبوو، هەروەها مەترسی هێرشی تورکیاو ئەگەری لێدانی بارەگاکانی پەکەکە لە باشووری کوردستان لە ئارادایەو پارتی چارەسەریش نزیکایەتی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا هەیە، بۆیە هەموو لێکدانەوەکان لەسەر ئەوە چڕ دەبوونەوە کە گیرانی دکتۆر فایەق لەنێو بەرنامەی لێدانی پەکەکە جێگەی گرتبێ. دکتۆر فایەقو پارتی چارەسەر لە بێتاوانی خۆیان دڵنیابوون. دکتۆر فایەق بەشێوازی سەردەمانە رەفتاری لەگەڵ گرتنەکەی خۆیدا کردو مانی لەخواردن گرت، هەروەها پارێزەرەکەی بەر لە ئازادبوونیشی دەزگاکانی راگەیاندنی دڵنیاکردبۆوە کە لە یەکەمین کۆڕی دادگە ئازاد دەبێ، چونکە هیچ بەڵگەو زانیاریەك سەبارەت بە تێوەگلانی دکتۆر فایەق لە کوشتنی کەمال شاهین بوونی نیە.

پرسیارەکە ئەمەیە بۆچی ئاسایش ئەو هەنگاوەی هەڵێنایەوە کە بەزیانی خۆیو دادگە تەواو بوو. یاخود بۆچی دادوەرێك ئەو بڕیارەی دەرکرد لە کاتێکدا نە کەسێك ناوی دکتۆری هێناوەو نە بەڵگەو زانیاریەکیش لەبەردەستدا هەبووە. هەرچەندە رەفتاری نەشیاو لەبەرانبەر دکتۆر نواندراو چەند رۆژێك لە زیندانا راگیرا، بەڵام سەرەنجام دکتۆر بێتاوان دەرچوو، ئازاد کرا، ئەمەش بەزیانی دادگەو بە قازانجی دکتۆرو پارتی چارەسەر تەواو بوو. دەبێ دادگەی کوردستان ئەمە وەك وانەیەك بۆ داهاتووی خۆی لەبەرچاو بگرێ.

# تا ئەو شوێنە ئازادی هەیە کە خۆیان دەیانەوێ

ئازاد مارف

رۆژانە گوێمان لە بەندو بارو بانگەشەی ئازادی رۆژنامەوانیو ئازادی رادەربڕین دەبێ. راگەیاندنی دەستەڵاتدارانیش ئازادیو دیموکراسی باشووری کوردستان بە بەهەشتی سەر رووی زەمین دەچوێننو بە نموونەی باڵای دادەنێن. لەوانەیە بۆ کەسێك کە لەدەرەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری بژی، ئەو بانگەشەیە کاریگەری خۆی هەبێ، لێ رووداوەکانی رۆژانە پێچەوانەی ئەو راستیانەمان پێشان دەدەن. لێرە لە باشووری کوردستاندا تا ئەو شوێنە ئازادی هەیە کە ناگاتە پەراسیوی دەستەڵات. ئەوان نەك تەنیا هێڵێکی سوور بگرە بەسەدان هێڵی سووریان لەدەورەی خۆیان داناوە. ئەگەر یەکێ باسی گەندەڵیەکانو سەرپێچیەکانی بەرپرسێك بکات، بێ سێو دوو دەدرێتە دادگە. رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆنێك هی خۆشیان بێ، بەڵام ئەگەر رەخنەیەکی گرت دەبێ تۆڵەی لێبکرێتەوەو دابخرێ. چەندین جار بینیومانە بەرنامەی یەکێ لە تەلەفزیۆنەکان، چونکە رەخنەی لە بەرپرسێك یان وەزارەتێك گرتووە، یان میوانی بەرنامەکە رەخنەی هەبووە ئیدی بە بڕیاری سەروو بەرنامەکە راوەستێندراوەو داخراوە یان خودی تەلەفزیۆنەکە سزا دراوەو بۆ کاتێکی کورت راگیراوە. دەکرێ ناوی دەیان بەرنامەی راگیراو، رۆژنامەنووسی سکاڵا لەسەر تۆمارکراو، کەسانی دادگەییکراو بە نموونە بهێنینەوە.

لەم رۆژانەدا جانۆ رۆژبەیانی لە بەرنامەی هارمۆنی کەناڵی زاگرۆس دا رەخنەی لە وەزارەتی رۆشنبیری گرت. ئەمە یەکەمین کەس نیە کە رەخنە لە وەزارەتی رۆشنبیری دەگرێو سزای فەرامۆشکردنی بەسەر دەسەپێنرێ. ئەم رەخنەگرتنە بە گیانی وەرزشوانیەوە وەرنەگیرا، سزا بەسەر بەرنامەکە سەپێنراو راگیرا. راگرتنی بەرنامەی هارمۆنی لە کەناڵێکی وەك زاگرۆس کە بەردەوام لە پەسنو ستایشی دەستەڵات دایە پرسیارگەلێکی زۆرو زەوەند لەگەڵ خۆیدا دەهێنێو ئەو راستییە دووپات دەکاتەوە کە ئازادی رۆژنامەوانیو ئازادی رادەربڕینو ئازادی رەخنەگرتن یان بوونی نیە یان زۆر بەرتەسك کراوەتەوە.

azadmarf@hotmail.com

# سوریاو ئەمریکا لە دوای هێرشەکەی دیمەشق

توانا حەمید

رۆژی 12-9-2006 چوار کەسی سەر بە گروپێکی نەناسراو لە دیمەشقی پێتەختی وڵاتی سوریا هێرشیان بۆ سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا کرد، هەرچەندە هێرشەکە نیشانەی نەپێکاو هیچ کەس لە ئەمریکیەکان زیانیان بەرنەکەوت، بەڵام پیاوانی ئاسایشیسوریا هەرزوو گەیشتنە شوێنەکەو لە ماوەیەکی کەمدا توانیان 3 کەس لە تیرۆریستەکان بکوژنو چوارەمیشیان بەبرینداری دەستگیر بکەن. حکومەتی ئەمریکا لەسەر زاری کۆندۆلیزا رایسی وەزیری دەرەوە سوپاسنامەی خۆی بە حکومەتی سوریا راگەیاندو هاوکاری ئەوانی بە گرنگو پڕبایەخ نرخاند. وەك دەزانرێ پێشتر حکومەتی ئەمریکا، بەتایبەتیش کابینەی بووش هەریەکە لە سوریاو ئێرانو کۆریای باکوری بە تەوەرەی شەڕو خراپەکاری جیهان ناودێر کردبوو، تەنانەت لە کاتی شەڕی نێوان ئیسرائیلو خزبوڵڵا ئەمریکا جەختی دەکردەوە کە حزبوڵڵا بە نوێنەرایەتی سوریاو ئێران شەڕ دەکات، دەبێ سوریاو ئێران گوشار بخەنە سەر حەسەن نەسروڵڵا تا دوو سەربازە رفێنراوەکەی ئیسرائیل ئازاد بکات. هەرچۆنێ بێ ئەمانە گوزەران، ئێستا ئەمریکا پەسنی حکومەتی سوریا دەکات. سەبارەت بەو مەسەلەیە لە رۆژانی رابردوودا کۆمەڵێك وتار نووسرانو ژمارەیەك چاودێر رای خۆیان دیار کرد، هەر هەموویان گوتەکەی کوندۆلیزا رایسیان بە وەرچەرخانێکی گرنگ لە سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە سوریا لێکدایەوە. زۆربەیان پێیانوایە کە ئیدی ئەمریکا بەرنامەی گۆڕینی رژێمی سوریای وەلا ناوەو دەیەوێ رێگەچارەیەك بۆ زیندووکردنەوەی پێوەندیەکانی نێوانیان بدۆزێتەوە. هەندێك پێیانوایە ئەمریکا لەنێو قوڕو لیتەی عێراق گیری خواردووە، سوریاو ئێران ئەو جەنگەڵستانەیان بۆ دروست کردووە، ئەگەر ئەمریکا سیاسەتی خۆی لەبەرانبەر ئەو دووانە نەگۆڕێ نە لە عێراق سەر دەکەوێو نە دەشتوانێ باس لە سەرکەوتنی بەرنامەکانی خۆی بکات.

سوریاو ئێران دوو پشتیوانی سەرسەختی پێکهاتەی سوننەو شیعەی عێراقن. ئەوان دوو وڵاتی هاوپەیمانی یەکترن، بەڵام بەمەبەستی پەکخستنی بەرنامەکانی ئەمریکا ئەو دوو تایفەیان بەگژ یەکتر کردۆتەوە. ئەوان بە چەكو پارە هاوکاریان دەکەن، سوننەو شیعەکانیش زۆر دڕندانە بەربوونەتە گیانی یەکتر. هەبوونی ئاژاوەی بەردەوام لە عێراق تەگەرەی لەبەردەم پلانەکانی ئەمریکا داناوە. لەلایەکەوە چارەی ئەمریکیەکانی لەبەرچاوی عێراقیەکان ناحەز کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە وایکردووە کە گەلی ئەمریکا چاوێك بە سیاسەتەکانی بووش بخشێننەوەو داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بکەن.

بە پێی لێکدانەوەی هەندێ چاودێر ئەمریکا بەدوای دەرفەتێك دەگەڕا تا پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ سوریا چاك بکاتەوەو لە ئێرانی دوور بخاتەوە. هێرشەکەی سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە دیمەشق دەرفەتێکی باش لەبەردەم ئەمریکا دەڕەخسێنی تا پەلە لە زیندووکردنەوەی پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ سوریا بکات. لە لایەکی دیکەشەوە نەیارانی رژێمی سوریا هێرشەکە بە سیناریۆیێکی دەزگەی هەواڵگری سوریا دەزاننو پێیانوایە رژێمی سوریا هەستی بە نیازەکانی ئەمریکا کردبوو، هەربۆیەش ئەو سیناریۆیەی داڕشتو خۆیشی پوچەڵی کردەوە. جارێ زووەو ناتوانرێ لێکدانەوەیەکی ورد بۆ ئاکامی پێوەندیەکانی نێوان ئەمریکاو سوریا بکرێ، بەڵام دەتوانین راشکاوانە بڵێین کە هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەدیمەشق بە سوودی رژێمی سوریا تەواو دەبێو لە ئاکامدا نەیارانی ئەو رژێمە لە کۆمەكو هاوکاریەکانی ئەمریکا دوور دەکاتەوە.

# تورکیا تیرۆری دژ بە کورد بەڕێوەدەبات، ئامەد وەك نموونە

چاودێرێك



رۆژی سێ شەممەی رابردوو لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا کە لەشاری ئامەد (دیاربەکر)ی باکوری کوردستان روویدا لانی کەم 11 کەسی سڤیل گیانیان لەدەستدا کە 6 لەوان منداڵ بوون، هەروەها 15 کەسی دیکەش بریندداربوون. دوای ئەو کارەساتە دەوڵەتی تورکیا ویستی کردەوەکە بخاتە ئەستۆی گەریلاکانی کوردستان، بەڵام هەر زوو پارتی کرێکارانی کوردستان ئەو رووداوەی پرۆتستۆ کردو دەوڵەتی تورکیای تۆمەتبار کرد. لە لایەکی دیکەوە مۆڕەکانی رژێمی تورکیا بەمەبەستی ترساندنی کورد دەنگۆی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە سوپای تورکیا بڕیاری داوە لە تۆڵەی ئەو سەربازانەی کە لەلایەن گەریلاکانی کوردستانەوە دەکوژرێن لە جیاتی هەر سەربازێك 10 کوردی سڤیل بکوژێتەوە. ئەو دەنگۆیە ترسو تۆقاندنی لە دڵی خەڵکی سڤیلو دانیشتووانی شارەکانی باکوری کوردستان چاندووە. رۆژێك دوای ئەو رووداوە ماڵپەڕی گروپێکی تورکی تۆرانی بڵاوی کردەوە کە ئەوان ئەو کارەیان ئەنجامداوە. ئەو گروپە لە ژێر ناوی ( تورك ئینتکام توگەی) رایانگەیاندووە کە ئەوان بڕیاریان داوە لە بەرانبەر کوژرانی هەر سەربازێکی تورك تۆڵە لە کورد دەکەنەوەو 10 کەس دەکوژنەوە. تەنانەت ماڵپەڕەکە وێنەی ئەو بۆمبەی پێشانداوە کە چۆن بۆمبەکەیان لەناو ترمزێکی ئاودا داناوەتەوەو دواتر تەقێندراوەتەوە. تورك ئینتکام توگەی ئەگەرچی وەك گروپێکی سەربەخۆ خۆی ناساندووە، بەڵام گومانی تێدا نییە کە رژێمی تورکیاو پارتە رەگەزپەرستەکانی تورکیا ئەو گروپەیان دروست کردووەو دەیانەوێ لەژێر ناوی ئەوانەوە درێژە بە تیرۆرکردنی کورد بدەن. دەوڵەتی تورکیا لە کاتێکدا نکۆڵی لە هەبوونی کورد دەکاتو بە دڕندەترین شێوە هەوڵێ لەبێنبردنی کورد دەدات، بانگەشەی ئەوەش دەکات کە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان تیرۆریستەو خەڵکی سڤیل دەکوژێ. دەوڵەتانی زلهێزی جیهان هاوسۆزی لەگەڵ بانگەشەی درۆیینەکانی رژێمی تورکیا دەکەن، بەڵام چاو لەو راستیە دەنوقێنن کە رژێمی تورکیا بەشێك لە نیشتمانی کوردی داگیرکردووەو نکۆڵیش لە هەبوونی کوردو نیشتمانەکەی دەکات. ئەمڕۆ کە تورك ئینتکام توگەی راشکاوانە ئامادەیی خۆی بۆ کوشتنی خەڵکی سڤیلی کوردستان دووپات دەکاتەوە، وڵاتانی یەکێتی ئەوروپاو ئەمریکاو هەموو ئەوانەی کە بانگەشەی مافی مرۆڤ دەکەنو شەڕی تیرۆر بە ڕەوا دەزانن دەبێ راشکاوانە هەڵوێستی خۆیان لە بەرانبەر دەوڵەتی تورك بنوێنن، چونکە ئەمڕۆ بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە دەوڵەتی تورك تیرۆر لە دژی نەتەوەیەکی بندەستو داگیرکراو بەڕێوەدەباتو خەڵکی سڤیلو لاشەڕی قەڵەمڕەوی خۆی دەکوژێ.